سودانی بە حەلبوسی جێختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ئەرکە یاسادانانەکانی پەرلەمان کردەوە

ئەمڕۆ دووشەممە، سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانیی،پێشوازی کرد لە سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران هەیبەت حەمەد حەلبوسی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: "سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانیی،پێشوازی کرد لە سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران هەیبەت حەمەد حەلبوسی".

ئاماژەی بەوەشکرد کە، "لە میانی دیدارەکەدا پەداچوونەوەیان بە پێشهاتەکان لە بواڵە جیاجیاکاندا کرد و گفتوگۆیان لەسەر وتوێژی بەردەوامی نێوان هێزە سیاسییەکان و گرنگی بەردەوامبوونی کرد، بە جێبەجێکردنی شایستە دەستووریەکان، دوای ئەوەی خەڵک مافی دەنگدانی خۆی بەجێ گەیاند".

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە ، سودانی "جەختی لە گرنگی ئەنجومەنی نوێنەران نوێ کردەوە کە ئەرکە یاساییەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ بە پشتیوانیکردن لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان".